# جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ زامنی ئاشتی و پێکەوە ژیانە



## ١٤٠ نەخشەی رێگا!

(١٤)

ئاسۆی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق زۆر کەمەو جێی ئومێدو هیوانییە، لایەنگرانی جێبەجێنەکردنی زۆرترن لەلایەنگری لە جێبەجێکردنی لە سەرووی هەموشیانەوە ئەمریکای بەناو دۆستی کورد، کە دوا کارتی ئاشکراکراوی لەو بارەیەوە راپۆرتەکەی "بیکەر-هاملتۆن"ە!

کاردانەوەی کورد بەرامبەر راپۆرتەکە کاراو بەرفراوانو گرنگە، بەڵام ئاخۆ ئاستی کارتێکردنی چەند دەبێ لەسەر بڕیاردانی بوشو ئیدارەی ئەمریکا کە جێی مەترسییە لە ئایندەداو دەبێ بە مێشکێکی ساردو دڵێکی گەرمەوە هەڵسوکەوتی لە تەکدا بکرێت.

درێژەدان بە فشارو بڵاوکردنەوەی هوشیاری لە بارەی گرنگی گەڕانەوەو جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)و هاوکاریکردنی ئاوارەکانی کەرکوكو ناوچە تەعریبکراوەکانو خزمەتکردنی خەڵکی ئەو ناوچانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پێموایە ئەو شتانەن کە نەکراونو دەکرێ پەلەی لێبکرێتو، لەوەش زیاتر ئاسۆی جێبەجێکردنی نابینم!

دوژمنانی گەلی کوردستان دەیانەوێت ئاژاوەگێڕییەك دروست بکەن کە نەك هەر کەرکوك نەخرێتەوە چوارچێوەی کوردستانەوە، بەڵکو دەیانەوێت ئەوەی کە لەوەتەی ساڵی (١٩٩١)ەوە بەدەستهاتووە لە دەست بدرێت، بۆیە هەڵسوکەوتکردنی ژیرانە لەگەڵ ئەو پرسە زۆر گرنگەو دەبێ بە چاوی قازانجو زیانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتو، بە تەرازووی زێڕنگەر بپێورێت.

لە دونیادا گەلێك ناوچەو شارو سنوور هەیەو دەیان ساڵە گرفتو ئاڵۆزی لەسەرە، بەڵام تاوەکو ئێستا ناسنامەی یەکلانەبۆتەوەو نەخراوەتە چوارچێوەی ئەو هاوکێشەیەی کە "یان هەموو شتێك یان هیچ"! ئەوەش هیچ کات بە مانای دەستبەرداربوون نایە لەو ناوچەیە، بەڵکو راگرتنو دواخستنی گرفتێکە بۆ کاتێك کە تای تەرازوو بەلات دایە، نەك لە دژت بێتو دژە شەپۆل مەلە بکەیت، بۆیە پێموایە لەو کاتەی ئاسۆی جێبەجێکردنی (١٤٠) نارۆشنە، ئەوە دەبێ هۆشیارانە ململانێکە بەڕێوەببەین.

عەبدوڵڵا خالید

## عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوك:

# یەکەم هەنگاونرا بڕی (٢٠) ملیۆن دۆلار خراوەتە سەر حیسابی لیژنەکەو هیوادارین ئەو لیژنەیە دەست بەکاربن



**-دەکرێ باسی هەندێك لەو پرۆژانە بکەی کە پارێزگای کەرکوك ئەنجامی داوە؟**

+لە راستیدا ئەو کۆمەڵە پرۆژانەی لە کەرکوکدا ئەنجامدراوەو لە کاتێکی کورتی وەهادا ناتوانین هەمووی دیاری بکەین، بەڵام خۆشبەختانەو بە شانازییەوە دەڵێم لەگەڵ ئەو کەمی ئیمکانیاتو ئەو کەم توانایەیدا کە لە کەرکوکدا هەبووەو، ئەو کەمی بودجەیەی کە هەبووە لەگەڵ هەموو لایەنەکان توانیومانە بەشێکی چاك لە پرۆژەکان لە بواری خزمەتگوزاری بهێنینە کەرکوك، وەك (دروستکردنی کۆمەڵێ قوتابخانەو خوێندنگاو جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆ دروستکردنو چاککردنی شەقامو گەشتوگوزاری چ لەناو کەرکوكو چ لە دەرەوەی کەرکوك، بێجگە لە دروستکردنی باخچەی منداڵان، بە هەقیقەت ئەو پرۆژانە بوونەتە بەشێك لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك کە بە دەستییەوە دەناڵێنێ.

ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کەرکوك پلەی یەکەم بەدەست بهێنێ لەسەر ئاستی ١٥ شاری عێراقدا، ئێمە قەڵغانی نیشانەی یەکەمان وەرگرتو ئەمەش مایەی خۆشبەختی هەموو لایەکە، تەبیعی ئەو بودجەیەی ئێمە بەشی کەرکوك ناکاتو بەو بودجە کەمەی کە دیاریکراوە پرۆژەیەکی زۆرمان کردووەو هیچ کات لە ئاست ویستی ئێمەدا نەبووە، هەوڵ دەدەین لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بتوانین بودجەمان زیاتربێت، ئەو پرۆژانە ئێستا جێبەجێ دەکرێت لە ئایندەدا زیاتر بێت، بەنیازین چەند پرۆژەیەکی ستراتیژی لە کەرکوك ئەنجام بدەینو، بەشێك لەو بودجەی کەرکوك کە بۆ پرۆژە ستراتیژییەکان دانراوە ئێمە بەکاری بهێنین، لەبواری پەروەردەو زانکۆو ڕێگاوبان وەرزشو لاوان لەسەرجەم بوارەکانی تر، ئێستا هەر کەسێ بەناو کەرکوکدا بگەڕێت دەبینێت ڕێگاکان گیراون لە ئەنجامی کارکردنداو، لەم نێوەندەش خەڵك هەیە گلەیی دەکاتو ئێمەش هەوڵدەدەین خۆشمان سەردانیان بکەین بۆ ئەوەی زووتر تەواوبن.

**-وەکو ئیدارەی کەرکوك ئەو ئیشکالیەتانە چین کە دێنە بەردەمتان؟**

+بە دڵنیاییەوە ئێمە ئیشکالیەتمان ئێکجار زۆرە، خۆتان باش دەزانن کەرکوك لە پاش ماوەیەکی زۆر قورس گرتمانە ئەستۆ دوای ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستەی رژێمی بەعسو پێشووتریش کە خراپەکارییەکی زۆری ئەنجامداوە لە شارەکە، ئێمە ئێستا تووشی ئەمەبووینە دەبێ چارەسەری بکەین، جگە لەوەش کێشەی دەسەڵاتو دەست تێوەردانی بەغدامان هەیە، لەوانەیان زۆر لە وەزارەتەکان هەوڵیانداوە خەڵکێکی غەیرە کەرکوك لە شارەکە دامەزرێنن و ئەمەش بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆمان، بەڵام خۆشبەختانە ئێمە هەر لەسەرەتای وەرگرتنی ئەم پۆستەوە بڕیارمانداوە بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێت بە کەسی غەیرە کەرکوکی لە کەرکوك دامەزرێت، چونکە هەلی کەرکوك بۆ خەڵکی کەرکوك بێت، ئێمەش خەڵکی بێکار لە شارەکە ئێجگار زۆرن، ئەگەر ئێمە هەوڵ بۆ خەڵکەکە نەدەینو کاریان بۆ نەدۆزینەوە خەڵکەکە هەروەها دەمێنێو زیاتر دەبێ، بۆیە ئێمە تووشی کێشە بووینە، هەروەها چەندین سیاسەتی نووسراو بووە ئێمە بووینەتە بەربەستو نەمان هێشتووە بوونەتە کێشە بۆمان.

لە پێشووی قسەکانم، باسی کێشەیەکم کرد ئێمە کێشەی بودجەمان هەیەو چەند جار لەگەڵ بەغدادا قسەم کردووە کەسەردانی ئەوێم کردووە پتر لە جارو دووجار، دوایین سەردانم لەم نزیکانە بوون لەگەڵ سەرۆك وەزیران کۆبوومەوە لەگەڵ کۆمەڵێك پارێزگارانی تری عێراقیو، هەروەها بە دوو قۆڵی لەگەڵ وەزیری داراییو ناوخۆ دانیشتم بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی زۆری ئەو کێشانەی بەدەستییەوە دەناڵێنین، لەم دانیشتنانە باسی زیادکردنی بودجە و زیادکردنی پۆلیسو چارەسەرکردنی بارودۆخی ئەمنی کەرکوكو لە ڕێگەی دانانی دەسەڵات بە ئێمە بۆ ئەوەی ئەو پۆلیسانەی کار ناکەنو لە ئاستی بەرپرسیارێتی نین بیانگۆڕینو خەڵکی تر لە جێگایان دابنێین، هەروەها بۆ دامەزراندنی چەندین دەزگای ئێمە کە پێویستمانە، دوای ئەوەی ئەو بەڵێنانە کە پێماندراوە دەڕۆین بۆ جێبەجێکردنی کارەکانمان، زۆر شت هەیە ئەمڕۆ لە کەرکوکدا ئەگەر بەراوردبکرێ لەگەڵ شوێنی تری عێراقدا تاڕادەیەك باشترە، بەڵام ئێمە کێشەی ئەمنیمان هەیە وەکو دەبیستن، تیرۆریستان هەوڵ دەدەن بارودۆخی، ئەمنی کەرکوك تێك بدەن، بەڵام گەورەترین تەحەدا بە دەستمانەوە ماددەی ١٤٠ە، وەکو دەزانن ئەو ماددەیە دانراوە بۆ گەڕانەوەی بارودۆخی کەرکوكو چارەسەرکردنی کێشەکە بۆ پێش ئەو سیاسەتەی لە کەرکوك ئەنجامدراوە، لە کاتی ئەنجومەنی دەسەڵاتداو لە حکومەتی هەردوو بەڕێزان (ئەیاد عەلاویو ئیبراهیم جەعفەری) هیچ هەنگاوێك نەنرا کە بۆتە ماددەیەکی دەستووری کە هیچ کەس بۆی نییە بگەڕێتەوە یان پاشگەزبێتەوە لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، بەڵام سستییەكو ساردییەك هەبوو لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، ئەمڕۆ لە سەردەمی دامەزراندنی حکومەتی هەمیشەیی عێراقدا بە سەرۆکایەتی بەڕێز (نوری مالیکی) کە یەکەم هەنگاوی ئەوەبوو لیژنەی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دامەزرا کە لیژنەیەکی وزارییە کە یەکەم هەنگاونرا بڕی (٢٠) ملیۆن دۆلار خراوەتە سەر حیسابی لیژنەکەو هیوادارین ئەو لیژنەیە دەست بەکاربن، بۆ ئەوەی بتوانن هەنگاو بە هەنگاو کێشەکانی کەرکوك چارەسەر بکەن بۆ قۆناغەکانی ماددەی ١٤٠ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، هەرچەند بە حەقیقەت ماوەکە زۆر کەمە، بەڵام ئەگەر بێتو هەنگاوی چاکبکرێتو لایەنەکان تەباو هاوکاربن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بە دڵنیاییەوە دەڵێم جێبەجێ دەبێت، بەڵام ئەگەر سستیو کەمتەرخەمی بەتایبەتی لە لایەن حکومەتی بەغداوە هەبێت یان ئاستەنگ بخاتە بەردەم لیژنەی راسپاردراوی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، چونکە ئەو ماوەیە کە ماوە ناتوانی هەر سێ قۆناغەکانی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات.

دیسان دەڵێم گەشبینم بەوەی لە وادەی خۆی جێبەجێ بکرێتو بەجێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە هەرەزۆری کێشەکانمان کۆتایی دێت، دەتوانن خەڵکەکەش خۆشبەخت بن بەوەی مافی ٣٥ ساڵەی بەعس کە زەوتی کردبوو بۆیان بگەڕێتەوە.

**-ماددەی ١٤٠ی دەستوور تا چەند لە رووی یاساییەوە کاری بۆ دەکرێ، بێجگە لە کاری مەعنەوی بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان لە کەرکوك؟**

من وەکو باسم کرد دەستوور بە دەنگی زۆرینەی خەڵکی پەسندکراوەو دەستووریش بە سیستەمی دیموکراتی ئەنجامدراوەو ئەمەش وەکو دەستووری رژێمی پێشوو وانییە کە لەلایەن کەسێك یا چەند کەسێك لەسەر ئاستی سەرکردایەتی دابنیشنو بنووسنەوە، ئەمڕۆ بینیمان دەستووری عێراقی چۆن لە دایك بوو دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەگەڵ سەرجەم سەرکردایەتی سیاسییەکانی عێراقو بە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی عێراق تیایدا بەشداربوون بە هەموو گلەییو گازاندە کەکران دوای نووسینەوەی رەش نووسەکە خرایە بەردەستی خەڵکیو، سەرجەم هاووڵاتییان دەنگیان بۆ داو، زۆرینەی خەڵکی پەسندی کرد، بۆیە هیچ حکومەتێك نابێ فەرامۆشی بکات، یاخود لابدات لەو ماددەیە، ئەم مادەیەش بوو بە ماددەیەکی دەستووری خۆتان باش دەزانن دەستوور بنەمایە، یاساکانی تریش کە دادەنرێت بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵکیو رێکخستنیان لە سەرجەم بوارەکاندا.

زۆرجاران باسم لەوە کردووە کە دەست خۆشی لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی دەکەم کە توانیان ژیرانەو عاقڵانەو بوێرانە ماددەی ٥٨ بکەن بە ماددەیەکی دەستووریو هیچ کەس ناتوانێ جێبەجێی نەکاتو، دڵنیام لە جێبەجێکردنی ئەویش ئەوەیە کە زۆر سستی روویدا دواخستن نەدەتوانرا فەرامۆشی بکەن لەو ماددەیە، بەڵام لە حکومەتی ئێستا خرایەڕووو دەبینین لیژنەی جێبەجێکاری ئەو ماددەیە دامەزراوەو لەسەر ئاستی وزاریش دانراوەو ئێستاش دەستبەکارن لەرووی یاساوە کەس ناتوانێ فەرامۆشی بکات، تەنها ئێمە کێشەی کاتمان هەیە، هیوادارم لە کاتی خۆی جێبەجێ بکرێتو نیەتەکان ساف بێتو هەوڵ بدرێت لەلایەن هەموو لایەکەوە پەرە بدرێت، بە هەنگاوەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت.

**-حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تا چەند پرس بە ئێوە دەکەن وەکو ئیدارەی کەرکوكو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك وەك ئەوەی ئێوە هەیکەلیەتی شەرعی شارەکەن لە هەموو مەسەلەکان چ ئاوارەکانو چ ناوچە دابڕاوەکان؟**

+وەکو باسم کرد تا ئێستا سەر بە ئیدارەی بەغداینو هەرێمی کوردستان هەر پرسێكو هەر هەنگاوێك بدەن زۆر سوپاسیان دەکەینو لە راستیدا ئەوان هەر خەمخۆری ئێمە بوونە، بەڵام ئێمە کێشەکانمان زۆرتر لەگەڵ بەغدایە زۆرجاران پرس بە ئێمە ناکەن ئێمەش فەرزمان کردۆتە سەریان کە پرسمان پێ بکەنو کێشەی ئاوارەکان دەبێ لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠دا چارەسەر بکرێتو، یەکێك لە بڕگە گرنگەکانی ماددەی ١٤٠ کێشەی ئاوارەکان کە گەڕانەوەی بارودۆخی کەرکوك بۆ دۆخی جارانی خۆیو مەسەلەی سنووری کەرکوك دەبێ چارەسەر بکرێتو، ئەویش لە ماددەی ١٤٠دا خۆی دەبینێتەوە، ئەمانە بێگومان لەگەڵ لیژنەی ١٤٠ کە سەردانی کەرکوکی کردو لەگەڵ ئێمە کۆبوونەوەیەکی دوورو درێژیان کرد، بە چڕوپڕی قسەمان کردو داوامان کرد بە زووترین کات مەسەلەی سنوور چارەسەر بکرێت، ئەوان دەڵێن "لە دەسەڵات ئەواندا نییە بەڵکو لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانی عێراقە" ئێمەش لە ڕێگەی ئەوانەوە داوامان کرد، چونکە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك هەموو شتێ لەخۆی دەگرێت، گەڕانەوەی ئاوارەکانیو گەڕانەوەی برا عەرەبەکان بۆ ناوەڕاستو باشوور بێگومان ئەمەش بە ڕێزەوە دەبێتو قەرەبوویەکی باشیان بکرێت، لەهەمان کاتدا گەڕانەوەی سنووری کەرکوك ئەمە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوکە.

وای دەزانم ئەمە ئەرکی لیژنەی باڵای ١٤٠ە ئەگەریش ئەرکی ئەوان نەبێت دەبێت لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانیش چارەسەری سنووری کەرکوك بکەن ئەگەر سنووری کەرکوك نەگەڕێتەوە واتە هیچمان نەکردووە، بەهەمان شێوەش بۆ ئاوارەکانو دیموگرافیاو هەموو کاولکارییەکان واتە هیچمان نەکردووەو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ماددەی ١٤٠ پێشێلکراوەو لەگەڵ سیستەمی دیموکراتی ئێستادا ناگونجێ تۆ ناتوانی دەنگی خەڵکی عێراقی جارێکی تر فەرامۆش بکەی یاخود گرنگی پێ نەدەی، گەشبینم لە جێبەجێکردنی سەرجەم کێشەکان وەك ئاوارەکان، سنووری کەرکوكو سەرجەم کێشەکانی تر.

**-لیژنەی تایبەت بە ماددەی ١٤٠ تا چەند پرسیان بە ئێوە کردووە لەوەتەی دامەزراوەو تا چەند جار سەردانی شاری کەرکوکی کردووە بۆ ئەوەی راستییەکان بە چاوی خۆیان ببینن؟**

+یەك جار سەردانی کەرکوکیان کردووە، بەڵام ئەندامانی لیژنەکە کە ئەنجومەنی پارێزگانو لە لیژنەکە کار دەکەن بەردەوام لەگەڵ ئێمەدان هاوکاریو هەماهەنگیمان هەیە، تەنسیقێکی باشمان هەیەو ئەو لیژنەیە کە لەلایەن خۆمان دامەزراوە بە دواداچوونی خۆیان هەیەو بە دوای بەڵگەکاندا دەگەڕێنو دەیخەنە بەردەم لیژنەکەو کارئاسانییان بۆ دەکەن، لە کەرکوکدا هاوکارو هەماهەنگینو رێکینو وابزانم کارەکان بە ئاسایی بەڕێوە دەچێت.

**-ئەگەر ئەو ماددەیە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ نەبوو هەڵوێستی ئیدارەی کەرکوك چی دەبێ؟**

+ئێمە سوورین لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و ئەگەریش جێبەجێ نەکرا بێگومان کاردانەوەی ئەو شتە لە کاتی خۆی دیاری دەکرێ.

**-بودجەی شاری کەرکوك لەم نزیکانە رەنگە دیاری دەکرێتو ئەو بودجە دیاریکراوەش بەشی کەرکوك دەکات؟**

+نەخێر دە تا سەد بە قەد ئەو بودجەیە بەشی کەرکوك ناکات، بێگومان ئێمە بەرەو پێشەوە دەچین هەنگاو هەنگاو بەپێی ئەو بودجەیە لە ساڵی ٢٠٠٦ زیاترەو بە هەمان شێوەش ٢٠٠٦ لە ٢٠٠٥ زیاتربوو بەڵام ئێمە هیوادارین لە بودجەی ٢٠٠٧ی کەرکوکدا بتوانین بەشی شارەکە بکاتو خزمەتەکان پێشکەش بکرێت،و لە راستیدا ئەگەر بودجەی هەموو عێراقیش بۆ کەرکوك سەرف بکرێت دیسان بەشی ناکات، چونکە کەرکوك لە ماوەی ساڵێك ناگەڕێتەوە دۆخی جارانی، ئێمە کاتیشمان نابێت، کۆمەڵێ کێشەمان هەیە لە رووی شەقامەکان، بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین پرۆژەو نۆژەنکردنەوە بکەین دەبێ پیلانێکی چاکمان هەبێت بەو کارانە بۆ ئەوەی کارەکان بە کاتێکی چاك بەڕێوەبچن.

**-وەکو دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم میدیاکانداو لە زۆر کۆبوونەوەشدا باسی کوردستانی بوونی کەرکوك دەکات؟ ئایا کەرکوك لە رووی مادەی ١٤٠دا دەبێتە کوردستانیو ئێوە پێتان وایە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان دەبێ لەگەڵ ناوەندبنو یاخود بەسەربەخۆیی بمێنن؟**

+وەکو پارێزگارێك باسی لێوە دەکەم کێشەی کەرکوك لە ڕێگەی ماددەی ١٤٠ە وە دەبێتو هەموو لایەنەکانیش ڕێکەوتوون لەسەری، قۆناغی سێیەمی مادەکەو ئاساییکردنەوەی شارەکەو خەڵکی کەرکوك خۆی رای دەدات راپرسی دەکرێت لەسەر ئایندەی شارەکەو هەر بڕیارێك خەڵکی شارەکە دایاننا دەبێ رێز لەو دەنگە بگیرێتو بە زۆری ئەو بڕیارە دەبێ هەموو لایەنەکان بە هەندی بزانن، ئەمەش دیموکراتیەتەو کە دەنگی زۆرینە بە گرنگ بزانرێو لەگەڵ رێزیش لە دەنگی کەمینەش بگیرێت.

**-خەڵکی شاری کەرکوك گلەیی لە ئیدارەی شارەکە دەکەن لە رووی خزمەتگوزاری؟ وەڵامتان چییە بۆ ئەم گلەییانە؟**

+بە پێچەوانەوە باوەڕناکەم خەڵك گلەیی مابێو ئێستا خەڵك دەستخۆشیمان لێدەکەنو ئەوەی ئیدارەی کەرکوك ئەنجامی دەدات باوەڕ ناکەم کەمی کردبێت بەڵکو زۆر لە توانای خۆیشیەتی دەیکات، ئێمە داوامان کردووە خەڵك بزانێت بارودۆخمان چییە، خۆشبەختانە یەکەم پارێزگا دەرچووین بەرامبەر بە ١٥ پارێزگای عێراقی نیشانەو قەڵغانمان وەرگرتووە، ئەمەش بەڵگەی هەوڵو تەقەلامان زۆر زۆرە، ئەو خزمەتگوزارییەی کەپێشکەش دەکرێت بەرامبەر ئەو کەم توانایە دەبێ جێگەی دەستخۆشی بێت نەك گلەیی، چونکە گەر لە نێو کۆڵانەکانی کەرکوك بگەڕێین دەزانن چی هیلاکیو کاری تێدا دەکرێت، خەمی ئیدارەش ئەوەیە کاری زیاتر بکاتو هەمیشە لە خزمەتدابێت.

**-بۆ نەهێشتنی نائارامی لە شاری کەرکوك دەستکردن بە خزمەتی گەورەی پرۆژەکانو پاککردنەوەی ژینگە چ پرۆگرامتان هەیە بۆ ساڵی ئاینده؟**

+کاتێك ئیدارەی شارەکەمان وەرگرت نەك تەنها ئامێرێك، بەڵکو بینایەکی ساغ نەمابوون هەمووی شێوابوون، لەو رۆژەی دەست بەکاربووینە توانیومانە بەشێك لەو شارەوانییە بگەڕێنینەوەو بەشێك لەو خزمەتگوزارییە بکەینو بەوەشەوە نەوەستاوین، چونکە ئەو وێرانییە پێویستی بە کاری زیاتر هەبووە تاوەکو ژینگەی پێ رابگرین، لەو رۆژەوە هەموو خەڵکی ئاگادارە کە ١٠ مانگی رێك لە UN کارکردن ئەوسا توانیمان پرۆژەیەك بهێنین بۆ کەرکوك بۆ ئەوەی بەشێکی کەرکوك پاك بکرێتەوەو، بێگومان بەشێکی باشی پاك بۆتەوە، ئەو زبڵانەش هەیە کەمکراوەتەوە، بەڵام هاووڵاتیش کەمتەرخەمە کە هاوکارنییە لەگەڵ شارەوانییەکان، لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەماهەنگ بوومە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەربکەینو، یەکەم شارین لە عێراقدا بتوانین پرۆژەیەکی ئەوها کە کەرکوك بە پاكو خاوێنی رابگرینو لە هەمان کاتدا دەبێ هاووڵاتییانیش هاوکارمان بن بۆ پاك راگرتنی شاری کەرکوك.